یاخود وەک ئەوەی کە دەڵێن (ئەگەر سڵاوتان لێکرا، باشتر سڵاوی بکەنەوە، یان وەڵامی بدەنەوە)، ئەوان تەنها بە سەر ڕاوەشاندن وەڵامیان دەدایەوە، یا خۆیـان دەرئەخست کە سەرقاڵی گفتوگۆکردنی بابەتێکی زۆر مەترسیدارن. لێرەدا حەز ئەکەم باسی ڕوداوێک بکەم کە بەسەرما هات، باسی ئەو شێوازانەشتان بۆ ئەکەم کە پیاوەکانی پاراستنی سەربە مەسعود و ئیدریس پەیڕەویان ئەکرد.

ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوکاتەی لەژێر دەستبەسەرکردنی زۆرەملێدا بووم، لەپڕ شەوێکیان یەکێک لەو ئێشکگرانەی کە بۆ پاسەوانیی ژوورەکەی من دانرابوو، دیار نەما. پیاوانی هەواڵگری یەکسەر ئۆباڵی دیار نەمانی ئەو کەسەیان خستە ئەستۆی من و دەیانگوت تۆ ئاسانکاریت بۆ کردووە بۆ ڕاکردنی و بزانە بۆ چ ئەرکێک ڕاسپاردەووەو ناردوتە. ڕۆژانە لە بەرەبەری ئەو ئێشکگرەوە دەکەوتمە ژێر لێپرسینەوە. هەمیشە وەڵامەکانم ئەوە بوو کە من هیچ پەیوەندیم پێوە نیە. سوێندم دەخوارد بە خوداى گەورە کەمن بێتاوانم لەو تۆمەتەو هیچ نازانم. ئیتر ئەو ڕوداوەیان کرد بە بیانوو لە دژی من و تۆمەتبارکردنم بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕویانداوە. ئێشکگرتنیان توند کردەوە، چاوەدێریکردنیان خەست کردەوە، کاریان گەیاندە ئەوەی کە خواردنی ئێوارانم لێبیڕن و هەموو شێوازێکی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیان لەگەڵدا پەیڕەو کردم.

ئێرانیش لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش پێکەوە لەسەر هەموو شتێک کۆکن، ئەگەر بچمە ناو ئێران و دەستگیر بکرێم ئەوە وەکو پارووەکی ئاسان دەبم و رادەستی شۆڕشم دەکەنەوە، تەنانەت ئەگەر بە سەلامەتیش بگەمە گەلالە ئەوە زەحمەتە خۆم بگەیەنمە ناو خاکی عێراق. هەموو ئەو نەخشانەمان تاوتوێ کرد. بە بۆچوونی هاوڕێکەم راکردن لە رابووردوودا ئاسان بوو، بەلام لێرە زۆر زەحمەتە، هەروەها ب توندی گلەیی ئەوەی لێکردم کە پێشتر بۆچی نەخشەکەی قەسریم جێبەجێ نەکردووە، منیش پێمگوت، چۆن دەتوانم ئەوە بکەم و ژیانی کوڕەکەم و براکەم دووچاری مەترسی بکەمەوە لە کاتێکدا ئەوان لە هەمان شەودا لەوێ پەیدا بوون. هاوڕێکەم دەستیکرد بە گیرفانیدا و پێنج دیناری دەرهێنا، لێموەرگرت بەو مەرجەی کە دواتر بیدەمەوە. ئینجا گوتی: ئاگات لە جاسوسەکان بێت.

بەشوێن دانانی نەخشەیەکی نوێوە بووم بۆ هەڵهاتن لە بارەگای بارزانی، پەیوەندیم بە کەسێکەوە هەبوو، بڕیاربوو کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ لە نزیک کاریزەکەی حاجی ئومەران یەکتر ببینین. ڕێکەوتبووین لەسەر ئەوەی کە هەر لەوێوە بەگوێرەی نەخشەکەمان دەربچین. ڕێکەوتنەکە کاتژمێر یازدەو نیوی پێش نیوەڕۆ دانرابوو. ئیتر بەناو چایخانەکانی حاجی ئومەران پیاسەم دەکرد تا لەناکاو ئۆتۆمبیلەکەی ئیدریسم بینی کە بەرەو بارەگای خۆی دەڕۆیشت. سلاوی کرد و بە توڕەییەوە

# پێڕستی بابەتەکان

پێشەکی وەرگێڕی کوردی ......................3
پێشەکی چاپی دووەم ......................11
دەروازە ......................20
پێشەکی ......................23
سەرەتای چیرۆکەکە ......................24
لە بارەگای ئیدریس بارزانی ......................33
کوردستان یا نەمان! ......................37
زانیاری لەسەر ئەو سەرکردانە ......................39
بارەگای بارزانی لە قەسری ......................44
پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبە کوردییەکانی ......................50
دروستکردن و پێکهێنانی حزب لە لوبنان ......................60
دادگایی کردنم بە تاوانی جاسوسی ......................69
ئاشتبوونەوە لەگەڵ عوسمان سەبری ......................76
چیرۆکەکەم لەگەڵ سەلاح بەدرەدین ......................80
هەوڵێکی تەزۆک بۆ سەردانی بارەگای سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد
لە ناوپردان ......................83

لە بەغداوە بۆ کۆشکی ئاشتی لە ناوپردان ......................94

میوانداریم لە کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوپردان ......................**102**

شەڕ لە بەغدا و ئاژاوە لە ناوپردان ......................110

سەرەتای پیلانگێڕی لە دژم ......................130

هەوڵێکی نەزۆک بۆ تێکدانی ئەو حزبەی کە من سەرکردایەتی دەکەم لە لوبنان ......................145

تۆمەتبارکردنم بە خیانەتی گەورەو بەکرێگیراوی ......................170

دەستبەسەرکردن و ئاسوورییەکانم ......................190

مانگرتن لە خواردن ......................206

بەندیخانەیەکی ترسناک لە زیندانی خەلان ......................250

بەدەستهێنانەوەی ئازادی ......................294

پاشکۆی کتێب ......................327

